
# چیمان کرد بۆ ڕیسواکردنی ڕژێمی بەعسی فاشی ڕووخاو لە کیمیابارانی کوردستان

## ڕزگار ڕەنجەڕۆ



*ڕزگار ڕەنجەڕۆ ساڵی1987 سەرەتای کۆکردنەوەی ئیمزا دژی چەکی ژاراوی لە پەیمانگای پۆدیبرادی*

هەنگاوی یەکەمم هەڵدەهێنا تازە بەسەر هەورازو نشێوەکانی خوێندن دەکەوتم یەکەمین جار بوو لە ژیانمدا بیستم بە چەکێکی ژاراوی مرۆڤ کوژ کوردستان بۆردومان کراوە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤارو ڕاگەیاندنی لابەلای پارتە سیاسیەکانی کوردستان بڵاویان کردەوە کەوا ڕژێمی فاشیستی بەعسی گۆڕبەگۆڕ چەکی کیمیاوییان بەکار هێناوە لە گوندی شێخ وەسانان و زیاتر لە 500 هاوولاتی سیڤیلی بێتاوان شەهیدو بریندار بووینە هیچ کەسێک بە ساخی لەم گوندە ڕزگاری نەبووە کەچی جیهان چاوی لەم تاوانە دڕندانەیە پۆشی بەتایبەتی وولاتە سۆشیالیستەکانی پێشوو ، من بەشبەحاڵێ خۆم لەم نامۆییەدا ئەو تاوانە مەزنە گڕی تێبەردابووم و بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن ئەو کارە دڕندانەیەی ڕژێم بگەینمە ڕاگەیاندن و خەڵکی چیکۆسلۆڤاکیا بۆیە پەنام بردە بەر مامۆستایەکی هێژای چیکی دۆستی کورد کە ناوی ( پرۆفیسۆر زدێنێک سێمێلکا ) بوو ئەو هەواڵەم پێی ڕاگەیاندو داوای ئامۆژگاری و ڕێنمایی ئەنجامدانی چالاکیەک لە دژی ڕژێمی فاشی عیراق ووتی ئەو کارە زۆر سەختە لە وولاتی ئێمە هەرچەندە ئەو کارەساتە بەدەستی نازیەکان بەسەر خەڵکی ئێمەش دا هاتووە ، سەددام و ڕژێمەکەی بە سامانی نەوت دەسەڵاتی ئێمەیان کڕیوە و دەمی ئێمەیان بەستووە کەچی من نامەیەکی نارەزایی لە دژی ئەو تاوانە ئامادە دەکەم بۆتان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و ئیمزای ڕای گشتی چیکۆسلۆڤاکیا ئەوەش دەگەرێتەوە سەر زیرەکی و ئازایەتی ئێوە ، وە گەرەنتیتان نادەمێ کە لەو کارە سەردەکەون چونکە ئەو جۆرە کارانە مۆڵەتی فەرمی دەسەڵاتی دەوێت ئەوەش دەقی نامەکەیە کە ئەو دۆستە بەڕێزەی کورد ئامادەی کرد

### نامەی نارەزایی ...

{ ئێمە ، پرۆفیسۆرەکان و قوتابیانی بێگانەی پەیمانگەی فێربوونی زمانی چیکی و ئامادەکردنیان بۆ هەنگاوی خوێندنی باڵا سەر بە زانکۆی کارلۆڤۆ لە شارۆچکەی ( پۆدێبرادی ) وە هەموو خەڵکی پێشکەوتووخوازی پۆدێبرادی ئاگادار کراینەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی خەلکی سیڤیلی بێتاوانی کوردستان ، ئەو خەڵکەی کە لە خەباتدایە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خاک و نیشتیمانی نارەزایی خۆمان دەردەبڕین لەو تاوانە بەربەریەدا کە بووە هۆی لەناوچوون و بریندارbوونی نزیکەی هەزار مرۆڤ پێکهاتەی بەشی زۆریان ئافرەت و منالٚ و پیرن . نارەزایی خۆمان دەردەبڕین لەو تاوانە بەربەریەدا کە بووە هۆی لەناوبردنی دەیان گوندە کورد


نیشینەکان و سەدان منالّی کوردیان هەتیوو کرد . گوندی ( شێخ وەسانان )  خاوەنی نزیکەی 500 دانیشتوانە  بە چارەنووسی گوندی (لیدیتس ) ی ئێمە گەیشت ؛ ئەو دانیشتوانە بێتاوانە  بەو چەکە ژاراویە لەناو بردران  و گوندەکەشیان تەختی زەوی کرد .

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە پۆدێبرادی

یەکیەتی گشتی قوتابیانی عیراق

بەرواری 10 / 6 /1987 لە پۆدێبرادی

ئەو نارەزاییە لەو ڕۆژەدایە کە 45 ساڵ تێدەپەڕێت بە لەناوبردنی گوندی ( لیدتس ) بە دەستی نازیەکان  }



P R O T E S T N Í  D O P I S

My, profesoři a zahraniční studenti ze studijního střediska Ústavu jazykové a odborné přípravy Univerzity Karlovy v Poděbradech a všichni pokrokoví lidé z Poděbrad, jsme byli informováni o používání chemických látek proti civilnímu obyvatelstvu Kurdistánu, jehož lid bojuje za svobodu a nezávislost své země.

Protestujeme proti všem barbarským činům, které připravily o život nebo o zdraví tisíce lidí, z nichž velkou část tvořili děti, ženy a starci.

Protestujeme proti všem barbarským činům, které zničily desítky kurdských vesnic a udělaly ze stovek dětí sirotky.

Vesnici Šech Wsán, která měla kolem 500 obyvatel, potkal hrozný osud českých Lidic: obyvatelé byli do jednoho vyvražděni a vesnice srovnána se zemí.

/Svaz iráckých studentů, Svaz kurdských studentů

v Poděbradech, 10. června 1987, v den 45. výročí vyhlazení Lidic/

دەقی نامەی نارەزایی بە زمانی چیکی

سەرەتا بیست دانەیەکم لەو نامەیە کۆپی کرد و دابەشم کرد بەسەر ئەو هەڤاڵانەی کە لەگەڵماندابوون لە شاری پۆدێبرادی بە پێویستی دەزانم ناویان بهێنم کە بەشداریان هەبوو لەو چالاکیە لەوانە ( کاک حەمید دەربەندی ،کاک عومران عەبدولسەلام بارزانی ، کاک ئاری زێباری  کاک سەعد عەبدولڕەحیم عەبدولحوسەیین کە نوێنەرایەتی یەکیەتی گشتی قوتابیانی دەکرد وە ناسرابوو بە وەلیدە درێژ ، هەر لەو ڕۆژەوە بەبێ مۆڵەت وەرگرتنی فەرمی دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی ئیمزای هاوکاری لە ڕۆژی یەکەم دا نزیکەی هەزار ئیمزای کەسایەتی ناسراو و ڕۆشنبیرو ئازادیخوازی ئەم شارە کۆکرایەوە بەبێ کێشە ، لە ڕۆژی دووەمدا تۆزێک فشارمان کەوتە سەر بەڵام سکرتاریەتی کۆمەڵەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا پێیان ڕاگەیاندین کە بەردەوام بین ، لە ڕۆژی سێیەمدا لە شاری ( نیمبورک ) من و کاک وەلیدە درێژ دەستمانکرد بەو چالاکیە کەچی لە ژووری بەرێوەبەرایەتی ناو پەیمانگەی کشتوکاڵی پۆلیسی سیڤیل ( ئاسایش ) گەیشتە سەرمان و هەردووکمان گیراین ، بە تۆمەتی ئیمزا کۆکرنەوەی بێ مۆڵەت وە داوای ئیمزاکانیان لێ دەکرین وە هەڕەشەیان دەکرد ئەگەر ئەو ئیمزایانەیان پێنەدەین ئەوە ڕەوانەی عیراقمان دەکەنەوە کەچی سوودی نەبوو وەڵامی ئێمە ئەوە بوو هەموو ئیمزاکان لە سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێنکاران و یەکیەتی گشتی قوتابیانە بێگومان بە هاوکاری ئەو دوو سکرتاریەتە و بەرەی کوردستان ئێمە لەم گێژاوە ئازاد کراین . لەو کارەماندا نزیکەی  1500 ئیمزا کۆکرایەوە لە

دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی جگە لەوەی کە ئەو چالاکیە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی بەرەی کوردستانی و هەردوو سکرتاریەتی خوێندکارانی کورد و عیراقی بڵاوکرایەوە هەموو ئیمزاکان کرا بە نامەیەکی فەرمی و نێردرا بۆ { خافیێر پێریێز دێکولیار } ی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جا بەڕاستی نازانم ئەو کارەمان ڕۆڵی خۆی بینی یاخود لە نەتەوە یەکنەگرتووەکان پشتگوێ خرا کەچی ئەو چالاکیە تۆزێک ویژدانی ئێمەی ئاسودەکرد هەرچەندە بۆ ماوەیەکی درێژ من و کاک وەلید لەژێر چاودێری ئاسایشی ئەو وولاتە دابووین . ئەمڕۆش پاشی 21 ساڵ بەسەربەرزیەوە دەڵێم کە ئەو چالاکیە بەڵگەیەکی مێژووییە لە ڕیسواکردنی ئەو تاوانە مەزنەی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس .

هۆڵەندا 14 / 3 / 2008